ئەو خەتابارەی قەت نادۆزرێتەوە

ئا/ سارا قادر ـ زانکۆ ئەحمەد

بەپێی راپرسییەکی **هاوڵاتی** لەسلێمانی کەلەگەڵ کۆمەڵێك هاوڵاتی خاوەن کێشەی بەردەم بنکەکانی پۆلیسو ناو دادگاکاندا ئەنجامدراوە، لەسەدا چلو سێی هاوڵاتیان بروایان بەدەزگاکانی پۆلیسو دادگا نییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان.

زۆریەی ئەو هاوڵاتیانە پێیان وایە لەو دەزگایانەدا دیاردەکانی وەك "واسیتەکردنو بەرتیل وەرگرتنو ونکردنی داواو فەرامۆشکردنو بەدەنگەوە نەهاتن رووەدەدات" ئەم جۆرەش لەبێ متمانەیی وەك مەترسییەکی گەورە بەدی دەکرێ بەتایبەتی بۆ ئێستا کەچەسپاندنو پاراستنی سەروەری یاسا یەکێکە لەخەمە هەرە گەورەکانمان.

چەند رایەك هەن پێیان وایە هۆکاری سەرەکی ئەم بێ متمانەییە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی دەزگاکانی پۆلیسو دادگا وەك پێویست ناچن بەدەم داواکانی هاوڵاتیانەوە پشت گوێیان دەخەن، لیوا رزگار عەلی بەرێوەبەری پۆلیسی پارێزگای سلێمانی ئەوە رەت دەکاتەوەو باس لەوە دەکات کەهیچ داوایەك نییە نەچن بەدەنگییەوە، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کەهاوڵاتیان تووشی گرفت دەبن یەکسەر دەیانەوێ مەسەلەکەیان یەکلا بکرێتەوە کەئەوەشیان ناکرێ چونکە دەبێ دادگا کێشەکە ببینێو بڕیاری لەسەر بدات، کەحاڵەتی دواکەوتن رووەدەدات هۆکارەکەی ئەوەیە کەدادگا داوای بەڵگەی پێویست دەکات یان لەڕێی شوێنی کارەکەیەوە دەنێرین بەدوای تۆمەتبارەکەدا بەڵام ئەوان نایێرن و دوای دەخەن، لیوا رزگار دان "بەوەشدا دەنێ کەکارەکانی ئەوانیش بێ کەمتەرخەمی نییە."

لیوا ئەحمەد عەلی عارف بەرێوەبەری پۆلیسی سەرچنار جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەهیچ کارێك بێ کەموکوڕی نایێت کەهەندێ جار ئەو کەموکوڕیانە بەهۆی کەمی ئیمکانیەتو دابین نەکردنی پێداویستی‌یەکانەوەیە، بەڵام ئێستا دەزگاکانی پۆلیس زۆر باشترو خێراتر لەسالانی پێشوو کارەکان رادەپەڕێنن‌و دەچن بەدەنگ هاوڵاتیانەوە، هەندێ جار کەداواکان دوا دەکەون بەهۆی ئەوەیە تۆمەتبارو شاهیدەکان نادیارن، لەهەموو حاڵەتەکاندا گرتنو درێژکردنەوی ماوەی لێکۆڵینەوەو بەرەڵاکردن لەدەست دادگادایەو پۆلیس لێی بەرپرسیار نییە، یەکێك لەکێشە هەرە سەرەکییەکانی پۆلیس کەزۆرجار کارەکان دوا دەخات پێداویستی‌یەکانی بەڵگەی تاوانە کەلەژێر سفرەوەیە، لیوا ئەحمەد پێی وایە تائێستا رۆتین بەرقەرارە کە لەوانەوە دەست پێ دەکاتو تەواوکەرەکەی دادگایە".

حاکم چەتۆ عەبدوڵڵا دادوەری دادگای (کەتنی یەکەم) (جنح الاول) لەدادگای سلێمانی ئاماژە بەوە دەکات کەرۆژانە داوایەکی زۆر لەدادگاکاندا کەڵەکە دەبن ئەمە جگە لەوەی کەموکوڕی سەرەکیو هۆکاری ئەم دواکەوتنە دەگەڕێتەوە بۆ دەزگاکانی پۆلیس چونکە بەزوویی تۆمەتبارەکان تەبلیغ ناکەن، ئەوان ئەگەر ئەو کارە بکەن تەنانەت کەسکاڵ کارو تۆمەتباریش ئامادە نەبن دادگا دەتوانێ بڕیاری خۆی بدات، بۆیە کەموکوڕی سەرەکی لەدەزگاکانی پۆلیسەوەیە کەئەوان کەمتەرخەمن، حاکم چەتۆ دەخوازێ لەجیاتی دەزگاکانی پۆلیس دامەزراوەیەکی سەر بەدادگا هەبوایە ئەوکات دەیانتوانی کارەکانیان رێك بخەنو تەواوی بکەن بۆیە کێشەی سەرەکی تەبلیغاتەکانی پۆلیسەو "پۆلیس لەعێراقدا قەت راست نابنەوە".

حاکم رزگار محەمەد ئەمین سەرۆکی دادگای تاوانەکانی کەرکوك پێی وایە (دواکەوتنی داوا هۆکاری زۆرەو دادگاو پۆلیسو لایەنەکانی کێشەکەو پارێزەرەکانو حکومەت تیایدا بەشدارن، هەندێجار دادوەر کەم توانایەو زاڵ نییە بەسەر کێشەکەدا بۆیە بەبێ هۆ دەعواکان دواەدخات، دەزگاکانی پۆلیسیش لەکاتی خۆیدا تەبلیغەکان ناگەیەنن بەهۆی کارا نەبوونی بەریدو ناتاشکرایی ناونیشانی خەڵکی بۆیە ناتوانرێ زۆربەی کارە گرنگەکان بدرێتە بەرید، یان زۆرجار پارێزەرو لایەنەکانی داواکە ئامادە نابن و بیانوو دەهێننەوە بۆ دواخستنی داواکە، بۆیە پێویستە حکومەت پۆستەیەکی کاراو هێنراو دڵسۆز پێك بهێنێ تا داواکانی هاوڵاتیان دوا نەکەون.

زۆرێك هەن پێیان وایە داواکانی هاوڵاتیان بەجۆرێك لەجۆرەکان لەنێوان بنکەکانی پۆلیسو دادگادا ون دەکرێن یان دوادەخرێن بێئەوەی لایەنی شکاتکار رەزامەندی لەسەر بێ، عەقید نەجمەدین قادر فەرماندەی کەرتی پۆلیسی ئازادی پێی وایە بەهیچ جۆرێك ناکرێ حاڵەتێکی لەوجۆرە رووبدات چونکە ئەوە مەسەلەیەکی زۆر هەستیارەو ونبوونی داوای هاوڵاتیان زۆر شت هەڵدەگرێو لێکۆڵینەوەی وردی تیا دەکرێ.

رائید محەمەد تاهیر فەرماندەی کەرتی پۆلیسی سەرا ئەوە بەتوندی رەت دەکاتەوەو باس لەوە دەکات ئەو داوایانەی لەکەرتەکانی پۆلیس تۆمار دەکرێن سەعاتو بەرواڕو ناوی سیانی سکاڵاکارو زانیاریە پێویستەکانی‌تر تۆمار دەکرێنو بەنوسراو ئاراستەی بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی دەکرێتو کەدەشچێتە دادگا لای یاریدەدەری داواکاری گشتی تۆمار دەکرێت، بۆیە نەمانو لەناوبردنی داواکان هیچ راست نییەو هیچ هۆکارێکیش نییە وا لەپۆلیس بکات کە ئەو کارە بکات چونکە پۆلیس ئێستا ئەوەندی موچە هەیە کەپێویستی بە بەرتیلو پارەی کەس نەبێت، بەڵام لەهەموو داوایەکدا دوو لایەن هەن کەبەدڵنیاییەوە لایەکیان رازی نابێت.

حاکم عومەر ئەحمەد دادوەری لێکۆڵینەوە لەدادگای سلێمانی شێوازی دواخستنی داواکان روون دەکاتەوە بەوەی هەندێ کێشە هەیە کەمافی گشتی تێدا نییەو دەکرێ سوڵحی تیا بکرێ لەوکاتەدا سکاڵاکار بەرەزامەندی خۆی تەنازول دەکاتو داواکەی دواڵدەخرێ یان زۆرجار لەکاتی رووداوە قەزاو قەدەرەکاندا داواکان دوادەخرێ، هەروەها لەلایەن دادوەری لێکۆڵینەوەوە بەوردی تاوتوێی قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە دەکرێو هەندێ رووداو کەدوا دەکەون هۆکاری ئەوەیە کەراپۆرتی پێویست نەهاتۆتە بەردەست، هەندێجار رووەدەدات سکاڵاکار برینداروە لەدەرەوەی دادگا سوڵح دەکاتو لەو حاڵەتانەشدا تا راپۆرتی پزیشکی کۆتایی نەگاتە بەردەست کۆتایی پێ ناهێنرێ، حاکم عومەر پێی وایە بەشێوەیەکی گشتی لێکۆڵینەوە لەعێراقدا کرچو کاڵو ناتەواوە چونکە هۆکاری تاوانکاریو هۆیەی بەڵگەی تاوانمان نییەو تەنها پشت بەدانپیانانی تاوانبارو قسەی شایەتەکان دەبەسترێ.

بۆچوونێك هەیە پێی وایە سوڵحی عەشایەریو چارەسەرە خۆبەخۆکان وای کردووە متمانەی خەڵکی بەپۆلیسو دادگا کەم بێتەوە کە لەمەشیاندا ناوەندە کۆمەڵایەتییەکان خەتابارن، مەولود تەلانی کارگێری مەکتەبی کۆمەڵایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەوە رەت دەکاتەوەو وای دەبینێ کەئەوان هۆکارن بۆ سەقامگیربوونی یاسا چونکە ئەوان چارەسەری هیچ کێشەیەك ناکەن تا نەچێتە دادگاو خۆشیان لەکاروباری دادگا هەڵناقورتێنن بەڵکو تەنها دیوە کۆمەڵایەتییەکەی کێشەکە چارەسەر دەکەنو دواجاریش کۆنووسی کێشەکان دەنێرن بۆ بەشی یاسا لەئەنجوومەنی وەزیرانو زۆرجاریش رووداوە کێشەیەك لێرە چارەسەر کراوە بەڵام لەدادگا حوکمی هەتا هەتایی بەسەردا سەپێنراوە، مەولود تەلانی باس لەوە دەکات کەئەوان بەرەزامەندی هەردوو لایەنی مەسەلەکەو بەئاقاری بەرنامەی کۆمەڵایەتی کێشەکان چارەسەر دەکەن.

هەرچۆنێك بێت دواخستنی چارەسەری داواکان لەدەزگاکانی پۆلیسو دادگا هەرکەسێك لێی بەرپرسیار بێت سەرەنجام بەزیانی هاوڵاتیان کۆتایی ئەوەشیان بەگرتنەبەری رێوشوێنی کاراترو هەماهەنگی بەردەوام چارەسەر بکرێت.

تێبینی وەزارەتی ناوخۆی ئیدارەی سلێمانی هاوکاری ئەم رێپۆرتاجەی نەکردو ئامادەنەبوو ئاماری ئەو دەعوایانەمان نیشان بدات، کەلەماوەی پێشودا لەبنکەکانی پۆلیس تۆمارکراون.

ئەمەی خوارەوە کورتەی ئەو راپرسیەیە کەلەسلێمانی ئەنجامدراوە.

ئەنجامی راپرسیەکەی هاوڵاتی کەلەگەڵ (٦٠)کەسدا ئەنجامدرا بوو ئەمەبوو.

٧٣٪ دەڵێن لەدەزگاکانی پۆلیسو دادگادا واستە هەیە، ٥٣٪ پێیان وایە بەرتیل وەرگرتن هەیە، ٦٣٪ پێیان وایە دەعوا ونکردن هەیە، ٤٣٪ متمانەیان بەپۆلیسو دادگا نییە بۆ چارەسەری کێشەکانیان.

وێنەی سەرەوە: لیوا رزگار عەلی ـ بەرێوەبەری پۆلیسی پارێزگای سلێمانی

وێنەی خوارەوە: لیوا ئەحمەد عەلی ـ بەرێوەبەری پۆلیسی سەرچنار

بەرێوەبەری دواناوەندی جەمال تاهیر

سزای تاوانێك درام کەمن نەمکردوە

م. پەروین عەلی فەتاح ـ بەرێوەبەری دواناوەندی جەمال تاهیر

دوای تێپەڕبونی پێنج مانگ بەسەر کێشەکەی (دواناوەندی شەهید جەمال تاهیر)دا لەسلێمانی، بەرێوەبەری قوتابخانەی ناوبراو، لەبەرێوەبەری لادەبرێت و نەقڵی قوتابخانەیەکی تر دەکرێت.

پەروین عەلی فەتاح ناسراو بە"ست پەروین" توشی سەدمە بوو وەختێك لەنیوەرۆیەکی مانگی شوباتی ئەمساڵدا هورژمێك قوتابی خۆیان کرد بە ژووری مامۆستاکاندا کچێکی بوراوەیان لەگەڵ خۆیاندا هێنابوو، قوتابیەکیشیان بەتوڕەییەوە پێی ووت "تۆ ئاگات لەئێمە نییەو فلان کەس ماوەیەکە داوامان لێدەکات بچین سێکس بکەن".

نیوەرۆی ١٥ی ئابیش بۆ جاری دووەم پەروین توشی سەدمە بووەوە وەختێك بەرێوەبەری گشتی پەروەردە پێی ووت بەکیتابی وەزارەت "جەنابت دابەزێنراویتو وەك مامۆستا نەقڵی دواناوەندی ژین ئەکرێیت".

"ست پەروین" کەئەم فەرمانەی وەزارەت بەناڕەوا لەقەڵەم دەداتو دەیەوێت وەزارەت هۆکارەکانی ئەم بڕیارەی بۆ ڕونبکاتەوە، دەڵێت "تەنها هەڵەی من لەکێشەی کچانی قوتابخانەکەمدا ئەوەیە کەلەکاتی خۆیدا ئاسایشم لێئاگادار کردۆتەوە!".

وەختێك کەدوو قوتابیم پەنایان بۆ هێنامو ووتیان (ژ)ی هاوڕێمان داوامان لێدەکات لەگەڵیدا بچین بۆ فلانە شوێن، بۆ

سەیارەیەکی دەبڵ کابینەمان دوا ئەخات "من دەست بەجێ جۆرو ژمارەی سەیارەکەم دا بەئاسایش تاوەکو بزانم هی کێیەو دوای ئەوە ئیجراءات بکەم، بەڵام تا ئێستا وەڵامم دەست نەکەوتووە!".

ئەگەرچی دوابەدوای گەورەبونی سەدای کێشەکەو "پروپاگەندە بێشومارەکانی خەڵکی" لیژنەیەك لەوەزارەتی پەروەردە بەسەرۆکایەتی (روناك محمود) پێکهێنرا بۆ لیکۆڵینەوە لەمەسەلەی قوتابییەکان، بەڵام ست پەروین دەڵێت "دیسانەوە ئێمە لەدەرئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوەیەش ئاگادار نەکراینەوە".

ست پەروین وەك خۆی ئەڵێت گەڕاندنەوەی بۆ مامۆستایی بەشتێکی ئاسایی دەزانێتو مامۆستایش بەخزمەت ناو ئەبات، بەڵام ئەو سورە لەسەر ئەوەی کەئسلوبی وەزارەتی پەروەردە لەلابردنەکەیدا بەسلوکێکی ناڕەوا لەقەڵەم بداتو لەم بارەیەوە دەڵێت" ئەم بڕیارە جورئەت لە هەموو بەرێوەبەرێك ئەسەنێتەوە وائەکات لەمەولا هیچ بەرێوەبەرێك ئیجراءێکی پێویست بۆ بەرژەوەندی قوتابیو قوتابخانەکەی وەرنەگرێت".

مامۆستا پەروین بەدڵنیاییەوە دەڵێت ئەوەی من لەکێشەی قوتابخانەکەمدا کردم تەنها لەبەرژەوەندی قوتابیەکەو قوتابخانەکە بوو، بەتایبەت کە "من هەڵنەسام

تر گەورە بکەم، بەڵکو ئیجازەی ساڵێکم بۆ کردو لایەنی پەیوەندیدار کە ئاسایشو پەروەردە بوو لێ ئاگادار کردوە".

بەڵام نیگەرانی پەروین لەوێدایە کەباوکی کچە قوتابیەکە بەتەلەفۆن بەکەسێکی نزیکی ست پەروینی ووتوە، ئەوە من لەبەرێوەبەری لامبردو دواتریش لەمامۆستایشی لادەبەم. ئەمەش بەقسەی ست پەروین تێنەگەیشتنە لە رۆڵی ئەو وەك بەرێوەبەرێك و بەرژەوەندی کچەکەی خۆیشی.

ست پەروین کە بەفەخرەوە باسی قوتابخانەکەی دەکات کە دوانزە ساڵ بەرێوەبەری بووە دەڵێت: ئەمساڵ حەوتەمی سلێمانی بوین تا ئەمساڵیش بەغرەی سەر کارت، قوتابیم وەرگرتووە، بەخەمباریەوە ئەپرسێت ئایا ئەمەیە پاداشتی مامۆستای دڵسۆز؟

"ست پەروین" کەلە ئێستاوە وەك مامۆستا خۆی ئامادە دەکات بۆ وتنەوەی وانەی زینددەوەر زانی لەدواناوەندی ژین، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە"بۆتە قوربانی هەڵەیەك کەئەم نەیکردوە، سزای تاوانێکیش وەر ئەگرێت کە ئەم پێی هەڵنەساوە".

ئەو سەرەڕای هەموو ئەمانە ئامۆژگاری بۆ کچە قوتابیەکە ئەوەیە کە"ئەمساڵ بچێتەوە قوتابخانەو دەست بکاتەوە بەخوێندن".

پۆزش

داوای لێبوردن لە بزافی ژیانەوە ئەکەین،کەلەژمارە ١٨٨ی پێشووی **هاوڵاتی**دا هەواڵێکمان بڵاوکردەوە دەربارەی کوشتنی کچێك بە سەدو هەشتا فیشەك لەلایەن براکەیەوە لەزاری (**هاوڵاتی**)یەوە، سەرچاوەی ئەم هەواڵە لەلایەن (بزافی ژیانەوە)یە لەهەولێرو هەفتەنامەی **هاوڵاتی** لەوانی وەرگرتووە

ئەو ئۆتۆمبێلانەی کەس لێی ناخورێت

ئا: سەباح شێخانی

ماوەی سێ مانگە ٦٤٠ سەیارەی تازە هێنراو لەئاسکی کەڵەك وەستێنراوە، خاوەنەکانیان زەرەرێکی مادەی زۆر دەکەنو حکومەتی هەرێم ئیدارەی (هەولێر)یش ناهێڵێت بێنە ناو هەولێر.

ماوەی سێ مانگە نزیکەی ٦٤٠ سەیارەی تازەی هاتوو لەناوچەی ئاسکی کەڵەك کەدەکەوێتە نێوان هەردوو شاری هەولێرو موسڵ وەستێنراوە، ئەو سەیارانە کەقەرەباڵغییەکی زۆری لەناوچەکە دروست کردووە. لەنێوان ئەم دوو شارەدا بەمۆلەق ماوەتەوە. ئیدارەی موسڵ لێناگەڕێت بگەڕێنەوە بۆ شاری موسڵ، ئیدارەی هەولێریش بەهەمان شێوە مامەڵە لەگەڵ ئەم سەیارانە دەکات. ئەو ئۆتۆمبیلانە سەرەتا رێژەیان زۆر بوو. بەڵام ئێستا ئەم رێژەیە کەم بۆتەوە، هۆیەکەشی ئەوەیە ئێستا خەڵکی موسڵ دەیکڕنو بەشێوازی جیاواز جیاواز دەیبەنەوە بۆ شارەکەیان لەوێشدا ژمارەیەکی کاتی لێدەدەن بۆ خۆیان کاری پێدەکەن هەروەکو ئەوەی (موسەنا ئەحمەد)ی کڕیار دەڵێت.

(عەدنان کەمال) خاوەنی ئەم سەیارانە دەڵێت کەوا لەمانگی رابردوودا تاوەکو ئێستا نزیکەی ٣٠٠ سەیارەیان فرۆشتووە. زۆربەیان "مۆدێلیان لەخوار ٩٠ دایە".

ئەم سەیارانە بەهیچ شێوەیەك لەسنووری حکومەتی هەرێمی کوردستان بەناو ناکرێن. بۆیە کاتێك ئۆتۆمبێل بەهەر کەسێك دەفرۆشن بەڵێن نامەیان لێوەردەگرنو پەنجە مۆری پێدەکەن تاوەکو حکومەتی هەرێم. خاوەن سەیارەکان کاتێك بۆیان یەکلایی بۆتەوە حکومەت لێناگەڕێت سەیارەکانیان ببەنە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان ئیدی سەیارەکانیان هەرزان فرۆش دەکەن. ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی زەرەرێکی مادەی زۆر بکەن.

هەروەکو ئەوەی (عەدنان) دەڵێت "لەفرۆشتنی هەر ئۆتۆمبێلێك نزیکەی (٤٠٠-٥٠٠) دۆلارمان زەرەرە".

ئەو ئۆتۆمبێلانە لەوڵاتی ئەڵمانیا هێنراونو بەرێگەی سوریا هاتۆتە ناو کوردستان. ئەوەکو لەرێگای ئیبراهیم خەلیل، خاوەنەکانیان بۆیە لەرێگای سوریا هێناویانە تاوەکو گومرگ نەدەنە حکومەت، جگە لەمەش لەرێگای سوریا بەئارەزووی خۆیان دەتوانن سەیارە بهێنن بەبێ لەبەرچاوگرتنی جۆرو مۆدێل، بەڵام لەئیبراهیم خەلیل وا نیەو دەبێت بەپێی ئەو مواسەفاتە بێت کە حکومەت داینناوە.

خاوەنی ئەم سەیارانە پێیان سەیرە کەوا بۆچی حکومەتی هەرێم لێناگەڕێت سەیارەکان بچنە ناو هەولێر، ئەوان دەڵێن هەرچۆنێك بێت "ئەم ئۆتۆمبێلانە باشترن لەئۆتۆمبێلە مۆدێل کۆنەکانی ناو شار"، هەربۆیە پێیان سەیرە کەوا لێناگەڕێن داخیل بن.

(عەدنان) پێی باش بوو کە ئەم ئۆتۆمبیلانە داخیلی ناو شار بن بەمەرجێك حکومەت بڕیارێك دەربکاتو تیایدا لەبری هەر ئۆتۆمبیلێکی تازە یەکێکی کۆن بکرێتە قوربانی، ئەمەش سوودی زۆری ئۆتۆمبیلی مۆدێل بەرزتر وەك لەوەی ئێستا هەیانە، هەروەها نرخی ئۆتۆمبیلیش هەرزانتر دەبوو وەك لەوەی ئێستا، بەمەش هاوڵاتیان دەتوانن بەئاسانی بیکڕن، لەلایەکی تریش حکومەت کۆمەڵێك ئۆتۆمبێلی مۆدێل کۆنی لەکۆڵ دەبێتەوە. خاوەنی سەیارەکان گلەیی لەو بەرپرسانە دەکەن کەوا سەریان لێداونو لەنزیکەوە ئاگاداری بارودۆخی ئەوانن، دەڵێن "تا ئێستا هیچیان بۆ نەکردووین". لەمبارەیەوە لیوا (دژوار محمەد ئیسماعیل) بەرێوەبەری هاتوچۆی هەولێر وتی کەوا هەردوو وەزارەتی دارایی‌و ناوخۆ بەهەماهەنگی یەکتری مۆدێلی ئەو ئۆتۆمبیلانەیان دیاری کردووە کەدێنە ناو هەرێمی کوردستان، ئەو ئۆتۆمبێلانە ئەو مواسەفاتەیان تێدا نییە کەپێویستە، بۆیە بەپێی تەعلیمات رێگە بەو ئۆتۆمبیلانەی ئاسکی کەڵەك نادرێت بێنە ناو شاری هەولێرو هەرێمی کوردستان، لیوا دژوار دەڵێت کەوا خاوەنی ئەو ئۆتۆمۆبیلانە "سەرپێچی یاساکانی هاتووچۆیان کردووە، ئێمەش بەپێی یاسا رێگەیان پێنادەین بێنە ناو کوردستان". بەمشێوەیە لەهێنانی ئۆتۆمبیلدا نە حکومەت ئاگاداری ئەو کەسانەیە کەسەیارە دەهێنن‌و نەئەوانیش ئاگاداری بڕیارەکانی حکومەتن، لەم نێوانەشدا ئابووری وڵات بەهەدەر دەچێت‌و خاوەن پارەکانیش زەرەرێکی مادەی دەکەنو وڵاتیش دەبێتە کۆگای سەیارەی کۆن.